# ڕوونکردنەوەیەک بۆ هەندێ لە نوسەرە بەرێزەکان. ڕێباز ئەحمەد عەلی

سلێمانی

خوێنەرانی خۆشەویستی کوردستان نێت، سڵاو سەد سڵاو بۆ ئەوانەی هەتا دەژین، هەر دژی درۆ و هەموو کارو کردەوەیەکی نامرۆڤانەنە دەنووسن.

بۆیە ئەمەوێ نووسەرانی بەرێزی وەك كاك هێمن عمر، خوشكی بەرێز سەوسەن خان، برای بەرێز كاك عوسمان سۆفی دڵنیا بكەم بوونی نەجوا هەولێری هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ناو یەككگرتوو نەبووە، وە حەز دەكەم ئەم خوشك و برایانە باش دڵنیا بن، ئەم نەجوا هەولێر یە ئافرەت نیەو بەڵكو پیاوە، (نەجوا هەولێری + ئوسامە سەلاح خورماڵی = كاكە شێخ نەقشبەندی)

خوشك و برایانی بەرێز من هەرگیز دژی هیچ كەسێكتان نیم، وە ڕێزم هەیە بۆ ڕاو ئەفكارتان، بەڵام ڕەوا نیە ئەو ئافرەتە بوونی نەبێت و بەڵكو پیاو بێت بەناوی ئافرەتەوە بنووسێت، ئێوەی بەرێز پاڵپشتی بكەن

لە كاتێكا كەسی واش هەر نەبێت،

پێم باشە پێتان ڕابگەیەنم كە ئەم كاك ئوسامە سەلاح خورماڵیە كە ناوەكەی مستعارە لە بابەتێكی دا هاتووە وێنەی كەسێكی غەیرە كوردی لە جێگەی وێنەی خۆی داناوە، كە لەناو سایت و گۆڤارەكان دەری هێناوەو كە گوایە ئەمە وێنەی خۆیەتی، جا لە دائیرەی نفوسی خورمالڕ یەك ناو هەیە بەو ناوە ئەویش كوڕی سكرتێری یەككگرتووی ئیسلامی یە،

جا كەسێك خۆی بە نووسەرێكی ڕاستگۆ بزانێ، بە چ حەقێك وێنەی مرۆڤێكی تر لە جیاتی خۆی بڵاو بكاتەوە، وە ئەو نەجوا هەولێری یە هەر ئەم ئوسامە سەلاح خورماڵی یە، جا بۆ بەرێزتان باش نیە بەرگری لە كەسێك دەكەن كە گوایە ئافرەت بێت و بەڵام لە ڕاستی دا ئافرەت نەبێت،

كاك نەجوا لە بابەتی پێشوی بەڵێنی دا وێنەی خۆی بڵاو بكاتەوە، كەچی هەر نەمان بینی، من هەر ئەوەندە ئەڵێم ئەگەربێت و بوونی ئافرەتێك بە ناوی نەجوا هەبوو بێت كاتی خۆی لە ناو ڕیزە كانی یەككگرتوو، ئەوا من دەست خۆشی لە نەجوا خان و ئەم **3** بەرێزەش دەكەم كە ئەنووسن، بەڵام نەك كاكە ئوسامە وەك پیشەكەی جارانی بێت وێنەی ئافرەتێكی تر لە جیاتی نەجوا بڵاو بكاتەوە، ئایا خۆشەویستان ئێوە بە ڕەوای دەزانن كاكە ئوسامە و نەجوا خان ناوی ڕاستی خۆیان نەبێت و بێن بە ناوی خوازراوە بنووسن ئێوەی ڕێزداریش بەرگرییان لێ بكەن؟

جا وەك هاونیشتمانی یەك پێتان ڕادەگەیەنم مادام نە نەجوا هەولێری و نە كاك ئوسامە سەلاح بوونی هەیە، ئیتر بەرێزتان بۆ بەرگری لە كەسێك دەكەن كە لە ریزی نەبواندا بێت، وە من هەرگیز دژی ڕەخنە نیم، بەڵام دژی مرۆڤێكم بە ناوو وێنەی كەسی كەوە بنووسێت، وە دڵنیام ئێوەی بەرێز لە خەمخۆریتانە بۆ نەجوا، بەڵام كە نەجوا بوونی نەبوو بێت لە ناو ڕیزەكانی یەككگرتوو وەك ئافرەتێك، كە لە ڕاستیدا پیاوێك بێت لە ئەنجامی هەندێ حەقدو بوغز بەناوی ئافرەتەوە بنووسێت ئیتر بە چ حەقێك ڕەوایە ئێوەی خۆشەویست بەرگری لێ بكەن؟ لە كۆتایدا تەنها وویستم ئێوەی بەڕێز ئاگادار كەم نەجوا هەولێری بوونی نیە وەك ئافرەتێك، بەڵكو نەجوا هەولێری و ئوسامە سەلاح واتا كەسێكی كە ئەویش كاكە شێخ. . . . . نەقشبەندی یە. جا ئیتر بۆ بەرگری لە كەسێكی ئاوا دەكەن كە یاری بە زۆر كەس دەكات.

وە دووبارەی دەكەمەوە وەك مرۆڤێكی كورد ڕێزو حورمەتم هەیە بۆتان.